# کۆمەڵی ئیسلامی باندیکی تیرۆریستە و لەسەر فەتوادانیان

# بۆکۆشتنی ئینسان دەبی چالاکیان قەدەغەبکریت!

رۆژی 2006/2/14 لە رۆژنامی "ئاسۆ"ی ژمارە 191 دا کۆمەڵی ئیسلامی فەتوای کوشتنی مەریوان هەڵەبجەیی رادەگەیەنێت لە ریگای ئەندامێکی سەرکردایەتی خۆیەوە "مەلا زانای رۆستایی"یەوە. رۆستایی بە "ئاسۆ" رادەگەیەنێت کە " کۆمەڵی ئیسلامی فەتوای کوشتنی مەریوان هەڵەبجەیی داوە، ئەگەر حکومەت بەپێی شەرع سزای نەدات، یان ئەگەر مەریوان پەشیمان نەبێتەوە...".

کۆمەڵی ئیسلامی وەك هێزیکی تیرۆریست هەمیشە لەهەوڵی ئەوەدا بوە کە خەڵکی کوردستان بە ئەسیری لەسایەی خورافەو جەهل و تاریکیدا رابگرێت. هەردەم وەکو هێزیك تا بۆیان لوابێت و پێیان کرابێت لە هەوڵی سەرکوت و زەوتکردنی مافەکانی خەڵکی کوردستان بوون، لە هەورامانەوە بگرە تاکو ناوچەی پشدەر. خەسڵەتی سەرەکی ئەم هێزە تیرۆریستە زەربەدانە لە مافە فەردیو مەدەنی و سیاسیەکانی خەڵکی کوردستان، لە ئازادی جل و بەرگ پۆشینەوە بگرە تاکو دەگات ئازادی سەفەرو مافەکانی ژنان و ئازادی رادەربرین و ئازادییە سیاسیەکانی دیکەو تا دەگاتە ئەوەی کە ئینسان مافی ئەوەی هەبێت بچێتە سەیران و کەیفی خۆی بکات و گوێی لە میوزیکی رۆژئاوایی بێت... ئەمە مێژوویی رەشی ئەم رەوت و هێزە تیرۆریستانەن کە لەسایەی جمهوری ئیسلامی ئێران و شەری ناوخۆو دواجاریش لەسایەی داگیرگاری ئەمەریکادا بە تەوای لغاویان بەربوە.

کۆمەڵی ئیسلامی لە کوردستاندا خۆی بە حاکم و حکومەت دەزانیٚ و بریار دەردەکات بەکوشتنی ئینسانێکی ئازادیخواز لەسەر نوسینی پەرتوکێك، تەنانەت فەرزی کردوە بەسەر ئیدارە سلێمانیدا کە بەپێی شەرع حوکمی بدەن، ئەگەر نا ئەوە خۆیان دەیکوژن! ئەم بەرز فریپەی کۆمەڵ لەم کاتەدا بە هۆی هەڵمژینی شنەبای تیرۆریستانی دنیاوەیە کە هاتونە مەیدان دژی ئازادیو مافە فەردیو مەدەنیەکانی کۆمەڵگای بەشەری. کۆمەڵی ئیسلامی بەم فەتوایەی بەپێی یاسا مەوجودەکانی ئێستا لە کوردستان تاوانبارەو پێویستە وەك هێزیکی تیرۆریست دادگاییبکرێت، ئەگەر نا حوکمی کوشتن دەبێتە حوکمی هەر دارو دەستەیەکی دیکەی تیرۆریست و کوردستان دەبێتە مەیدانی فەتواچیانی تیرۆریست.

ئیمە بەتوندی ئەم بانگهێشتنە تیرۆریستیەی کۆمەڵی ئیسلامی ئیدانە دەکەین و لەهەمانکاتدا ، لەهەوڵی ریسوایی کردنی ئەم بانگهێشتنانەدا دەبین لە ئاستی جیهانیدا.

بەر پرسیاریتی ژیانی مەریوان هەڵەبجەیی راستەوخۆ لەئەستوی دەسەلاتدارانی کوردستاندایە. ئیدارەی سلێمانی لە بەرانبەر سەلامەتی گیانی مەریوان هەڵەبجەییو خیزانەکەیدا بەرپرسە. هاوکات بانگەشەو فتوا بۆکوشتنی ئینسان پێچەوانەی ژیانی کۆمەلگای مەدەنی کوردستانەو ئەوانەی پەنای بۆدەبەن پێویستە وەك تیرۆریست و تاوانباریکی ئینسان کوژ چاویان لێبکرێت و ئیدانە بکرێن. بۆیە پێویستە بەشیوەیەکی یاسایی چالاکی باندە تیرۆریست و ئینسان کوژەکەی کۆمەڵی ئیسلامی قەدەغە رابگەیەنری. لە هەمانکاتدا لەسەر هەموو ئازادیخوازان و نوسەرو روناکبیرانی کوردستان و هەموو ئەوانەی کەخوازیاری ئازادی بیروار دەربرین و هەموو ئەو حیزب و لایەنانەی کوردستان کە کە باوەریان بە لایەنی کەمی مافە ئینسانیەکان هەیە، پێویستە پاریزگاری لە ئازادی بیرو رادەربرین بکەن و ئەم بانگهێشتنە تیرۆریستیەی کۆمەڵی ئیسلامی ئیدانەو ریسوا بکەن.

**رێکخراوی کوردستان**

**حزبی کۆمۆنیستی کرێکاریی عێراق**

2006/2/15